Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland

بەناوی کوردستانی گەورە

# کێ دەڵێ زاراوەی هەورامی کوردی نیە !؟



ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com
تاران – 2709/3/27

## (زمان پێناسەی گرنگی نەتەوەو کەرەسەی هەرمانی گەلانە)

جار جار ، تاقل و تۆقل، هێندێکی زۆر کەم دەیانەوێ بێژن زاراوەی هەورامی زمانی کوردی نیە و بۆ خۆی زمانێکی سەربەخۆیە . من لەبەر ئەوەی کە پێم وایە دەبێ وەڵامی ئەو بەرێزانە بە چەشنی زانستی بدرێتەوە ، نەک بە شەڕە دەندووکێ ، ئەگەر خودای نەخواستە ئێستاش هەر ئەوە دەڵێن و لەسەری سوورن ، لێرەدا چەند بەڵگەی سەرەکیان پێشکەش دەکەم ، تا بە بەڵگە پێیان بسەلمێ هەورامی یەکێک لە زاراوە سەرەکیەکانی زمانی کوردیە و بە جارێ ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیان دا ،بشۆررێتەوە . چون دڵنیام ئەو چەشنە بۆچوونە نازانستیانە ، وەک لەت بوونی لایەنە رامیاریەکان ، بە سوودی دۆزی کورد نیە :

1– یەکێک لە نووسراوە هەرە کۆنەکانی هەورامی ، کە کەوتوەتە بەر دەست من ، کتێبی " ماریفەتی پیر شالیار" ە، کە بریەتیە لە نووسراوەکانی ، پەیامهێنەر و بیرمەندی مەزنی کورد ، سەروەر پیرشالیاری هەورامی ، کە گڵکۆکەی لە هەورامانی تەختە . کاتێک کە بۆ وێنە کوردێکی سۆرانی یا گۆرانی و هتد دەیخوێنێتەوە، لە زوربەی زۆری تێ دەگا و بە زمانێکی بیانی نازانێ . بەڵام بۆ وێنە ، کابرایەکی ئینگلیسی خەڵکی لەندەن، بە دەگمەن تێ دەگا ، کە " جێفری چاوسێر " هۆنەری ئینگلیسی زمانی سەردەمی زۆر کۆن چی دەڵێ. چون لە درێژایی مێژودا، زمان گۆڕانی بەسەردا دێ.

2– مامۆستا عەلائەددین سەججادی ، لە کتێبی بە ناوبانگی مێژوی ئەدەبی کورد دا ، بە دەیان و بگرە زیاتر ، هۆنەری هەورامی سەردەمی کۆن و نوێ دەناسێنێ . کە تەواوی کورد باش لە هۆنراوەکانیان دەگەن .

3– زوربەی پەڕتووکە ئایینیەکانی کوردگەلی کاکەیی ( یارسان) ، بە هەورامی یا زاراوەی گۆرانین و کەس نالێ تێی ناگەم . بەڵام بۆ وێنە تورکە کاکەیی ( یارسان) ە کان ، کە لە شاری روودهەن و بوومهەنی دەڤەری تارانن دەبێ بۆیان وەربگێڕی ، وەک زوربەی موسوڵمانان، کە لە کتێبی ئاینی عارەبی تێ ناگەن .

4– بە گشتی سیپاڵی خەڵکی هەورامان ، بۆ وێنە لەگەڵ سیپاڵی خەڵکی کوردی گوندەکانی سەردەشت و ... تۆفیرێکی فرە کەمی هەیە .

5– گۆرانی و هەڵپەڕکێی خەڵکی هەورامان ، بۆ وێنە لە گەڵ دەڤەری شاری سەقز هەر ئەوەندەی تۆفیر هەیە ، کە خەڵکی سەقز لەگەڵ هی شاری ئامەد .

6– لە روانگەی کۆمەڵناسی ، خو و خدە و دەروونناسیەوە ، بۆ وێنە تۆ فیرێکی بەرچاو لە نێوان خەڵکی ئیلام و هەورامان دا نابینی ، مەگەر ئایین .

7– قەد نەمدیوە کوردێکی ناوچەکانی دیکەی کوردەواری ، لە کوردێکی هەورامی تێ نەگا . کەچی بۆ وێنە لە ئینگلیس خەڵکی پارێزگەی سکاتلەند ، زۆریان ئەوتۆ لە زمانی ئینگلیسی لەندەن تێ ناگەن .

8– زۆر خاڵی وشەناسی ، رێزمان ، تەشکناسی و کەرەسەی زمان ناسی دیکەش هەیە ، کە پچووکترین دڵەڕاوکێ لەوەدا ناهێڵن ، بڵێن هەورامی کوردیە ، بەڵام ئەو گشتە حەیسە و بەیسە زۆرە، لەم نووسراویەدا جێگەی نابێتەوە.

9– رەنگە ئەو خۆشەویستانە ، کە پێموایە لە قامکانی دەستیش کەمترین ، ئەم شتە لە زمانی هێندێک رۆژهەڵات ناسی کوردی نەزانەوە بڵێن یا لەبەر ئەوەی ، بۆ وێنە لە پاوە بە کوردی نا هەورامی دەڵێن جاف و بەوان دەڵێن هەورامی . کە ئەمە لە بنەڕەت دا هەڵەیە ، هۆزی رێزداری جاف ، هۆزێکی مەزنی کوردن ، نەک گەلی کورد . بۆ وێنە من هەورامی نیم و جافیش نیم، بەڵام کوردم.

10– بە کورتی شتەکە لە رۆژ روون ترە و هەوڵ دانی پتر بۆ سەلماندنی ئەم راستیە ، کە زاراوەی هەورامی یەکێک لە زاراوەکانی کوردیە ، وەک ئەوە وایە لە نیوەڕۆی تاو و ساوی مانگی گەلاوێژ دا ، رۆژ لە ئاسمان دا بە خەڵک نیشان بدەی .